
UNAMI

# پاکێجی زانیاری

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2025



لە ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥ەوە

ئامادەکراوە لەلایەن:

نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنەکانی یونامی، بە هاوکاری لەگەڵ بەشی ڕاگەیاندنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان

# ناوەڕۆک


1. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ژمارە

2. پێشەکی

3. پرسیارە باوەکانی هەڵبژاردن

4. ژمارەی کاندیدەکان

5. چاودێریکردنی هەڵبژاردن

6. متمانەپێدان بە میدیا

7. چاودێریکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن

8. سکاڵا و تانەدان

10. هەنگاوەکانی دەنگدان

9. ڕەفتارنامە بۆ لایەنە سیاسییەکان و بریکارەکانیان

11. فۆرمەکانی هێڵکاری و پەڕەی دەنگدان

# ئینفۆگرافیکی هەڵبژاردنی
# ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2025

## کۆی دەنگدەران 21,404,291

53.17% 46.83%

دەنگدەرانی ڕۆژی دەنگدانی تایبەت

1,313,980 کارمەندانی ئاسایش

26,538 ئاوارە

## پاڵێوراوان 7751

5502 2249

*پرۆسەی دوورخستنەوەی پاڵێوراوان بەردەوامە

## بنکەکانی دەنگدان 9,539

وێستگەکانی دەنگدان 43,883

## قەوارە سیاسییەکان 147

پارت و هاوپەیمانێتییەکان 68

پێکهاتەکان/کەمینەکان : 53

پاڵێوراوە سەربەخۆکان 26

## کارمەندانی دەنگدان 235,437

68.8% 31.2%

## کۆی گشتی کورسییەکان 329

تەرخانکراو بۆ ژنان: 25%

تەرخانکراو بۆ کەمینەکان: 9

## هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران 2025

لە کاتژمێر ٧ بەیانیەوە
تا ٦ ئێوارە

## ڕۆژی دەنگدان

**9ی تشرینی دووەم:** دەنگدانی تایبەت
)بۆ هێزە ئەمنییەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان(

11ی تشرینی دووەمی 2025: دەنگدانی گشتی

## هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2025

### مەرجی دەنگدان



ئامادەبوون بە شێوەی کەسی لەگەڵ کارتی دەنگدانی بایۆمەتری

### وردبینیی پاڵێوراوان

پرۆسەی وردبینی پاڵێوراوان لە عێراقدا پێداچوونەوە بە هەموو پاڵێوراوان لەخۆدەگرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە مەرجە شایستەییە دەستووری و یاساییەکان تێیاندا بەدی هاتووە، لەنێویاندا پشکنینی ڕابردوویان لەلایەن دەسەڵاتە ئەمنی و دادوەرییەکانەوە.

### بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا



**ئامێری پشتڕاستکردنەوەی دەنگدەر**
دەنگدەر لە ڕێگەی پەنجەمۆر یان ناسینەوەی دەموچاوەوە دەناسێنێت و پشتڕاستی دەکاتەوە



**ئامێری سکانکردنی ژماردنی ناوەندیی (PCOS)**
پەڕەی دەنگدانەکان سکان دەکات، دەنگەکان تۆمار دەکات، و ئەنجامەکان کۆدەکاتەوە.



**سیستەمی گواستنەوەی ئەنجامەکان (RTS)**
ئەنجامەکان بە شێوەیەکی پارێزراو لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە دەنێرێت

### ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان

- لە ماوەی 24کاتژمێردا ئەنجامە بەراییەکان ڕادەگەیەنرێت
- ئەنجامە کۆتاییەکان )پەسەندنەکراو (دوای یەکلاییکردنەوەی سکاڵاکان
- پەسەندکردنی ئەنجامەکان لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵییەوە

### سکاڵا و تانەدان

- سکاڵاکان دەتوانرێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا لە دوای پێشێلکارییە بانگەشەبۆکراوەکان لە نووسینگەکانی پارێزگاکانی کۆمیسیۆن و لە ڕۆژی هەڵبژاردندا لە وێستگەکانی دەنگدان پێشکەش بکرێن.
- ]تانەگرتن [لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران لە ماوەی ٣ڕۆژدا لە بڵاوکردنەوەیان
- ڕێنماییەکان و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران لە ماڵپەڕی کۆمیسیۆن بڵاودەکرێنەوە ihec.iq -

# داتای دەنگدەران

| ناوی پارێزگا | کۆی ژمارەی دەنگدەران | کۆی ژمارەی ناوەندەکانی دەنگدان | کۆی ژمارەی وێستگەکانی دەنگدان |
|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | | | 43,883 |
| ئەنبار | 1,041,092 | 435 | 2,183 |
| بابل | 1,107,193 | 465 | 2,226 |
| بەغدا - کەرخ | 2,023,652 | 944 | 4,231 |
| بەغدا - ڕەسافە | 2,335,298 | 1,106 | 4,782 |
| بەسرە | 1,620,212 | 558 | 3,207 |
| زیقار | 1,099,439 | 527 | 2,212 |
| دیالە | 1,044,123 | 550 | 2,169 |
| دهۆک | 805,269 | 344 | 1,684 |
| هەولێر | 1,114,473 | 610 | 2,391 |
| کەربەلا | 666,052 | 265 | 1,352 |
| کەرکووک | 953,269 | 359 | 1,924 |
| میسان | 609,216 | 255 | 1,237 |
| موسەننا | 492,812 | 189 | 988 |
| نەجەف | 824,690 | 361 | 1,661 |
| نەینەوا | 2,079,221 | 930 | 4,236 |
| قادسیە | 699,987 | 318 | 1,395 |
| سەڵاحەدین | 889,270 | 406 | 1,872 |
| سلێمانی | 1,227,460 | 589 | 2,579 |
| واسیت | 771,563 | 328 | 1,554 |

# پێشەکی

هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی داهاتووی عێراق بڕیارە لە 11ی تشرینی دووەمی 2025 بەڕێوەبچێت، کە ئەمەش شەشەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانییە لە وڵاتەکەدا لەدوای پەسەندکردنی دەستووری ساڵی 2005. هەڵبژاردنەکان هەموو 329ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران دیاری دەکەن .دەنگدانی تایبەت لە 9ی تشرینی دووەمی 2025بۆ گرووپە دیاریکراوەکان وەک هێزە ئەمنییەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان (IDPs) بەڕێوەدەچێت.

بەپێی ماددەی 56ی دەستووری عێراق، ئەنجوومەنی نوێنەرانی نوێ دەبێت چل و پێنج ڕۆژ پێش کۆتاییهاتنی خولی پێشووی هەڵبژاردن، کە لە 8ی کانوونی دووەمی 2026کۆتایی دێت، هەڵبژێردرێت.

ئەنجوومەنی نوێنەران دەسەڵاتی یاسادانانی نیشتمانی عێراقە، بەرپرسە لە دەرکردنی یاساکان، هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، پەسەندکردنی بەرنامەی حکومەت و بوودجەی گشتی، و چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکار .ماوەی خولی ئەنجوومەنەکە چوار ساڵە .

## ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان چییە؟

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2004وە هاوبەشێکی سەرەکی بووە لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی عێراقدا .بۆ هەڵبژاردنەکانی 2025، یونامی (UNAMI)، بەپێی بڕیاری (2024) 2732ی ئەنجوومەنی ئاسایش، ڕاسپێردراوە بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژ، پشتیوانی و هاوکاری تەکنیکی بە حکومەتی عێراق، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان (IHEC)و دامەزراوەکانی تری عێراقی بۆ دڵنیابوون لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە، لەگەڵ بەشداریی تەواو، یەکسان، مانادار و سەلامەتی ژنان.
ماددەی 21ی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان )یاسای ژمارە 31ی ساڵی (2019بە تایبەتی ڕێگە بە کۆمیسیۆن دەدات کە داوای هاوکاری لە نووسینگەی هاوکاری هەڵبژاردنەکانی یونامی بکات لە قۆناغەکانی ئامادەکاری و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکاندا.

## کێ بەرپرسە لە ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان؟

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان (IHEC)بەپێی دەستوور ڕاسپێردراوە کە
سەرپەرشتی هەموو چالاکییەکانی هەڵبژاردن لە عێراقدا بکات .بەرپرسیارێتییەکانی کۆمیسیۆن بریتین لە:

- بەڕێوەبردنی تۆماری دەنگدەران و نوێکردنەوەی
- تۆمارکردنی پارتە سیاسییەکان و لیستەکانی پاڵێوراوان
- متمانەبەخشین )باوەڕپێکردن(ی چاودێران، میدیاکاران و بریکاری پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوان
- بەڕێوەبردنی پرۆسەی دەنگدان و جیاکردنەوەی دەنگەکان
- چارەسەرکردنی سکاڵاکانی هەڵبژاردن
- ڕاگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکان و ئەنجامە کۆتاییە پەسەندکراوەکان . **)ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵییەوە پەسەند دەکرێن(**

## کێ دەتوانێت دەنگ بدات؟

ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە پێویستە:

- هاوڵاتی عێراقی بن و تەمەنیان لە ساڵی هەڵبژاردندا 18ساڵ یان زیاتر بێت.
- لە بنکەدراوەی فەرمی کۆمیسیۆندا بە شێوەی بایۆمەتری تۆمارکرابن.
- خاوەنی کارتی دەنگدانی بایۆمەتری (BVC)کارا بن.


## چەند دەنگدەر تۆمارکراون؟

کۆی گشتی 21,404,291دەنگدەر بە شێوەی بایۆمەتری تۆمارکراون، لە کۆی گشتی 28,079,889دەنگدەری شایستە .لەنێو دەنگدەرە تۆمارکراوەکاندا، 1,313,980 ئەندامی هێزە ئەمنییەکانی عێراقن و 26,538کەسیش ئاوارەی ناوخۆیین .**(IDPs)** هەردوو گرووپ لە ڕۆژی دەنگدانی تایبەت لە 9ی تشرینی دووەمی 2025 دەنگەکانیان دەدەن.

## چ ڕێکارێک گیراوەتەبەر بۆ دڵنیابوون لە گشتگیری (لەخۆگرتن)؟

چوارچێوەی دەستووری و هەڵبژاردنی عێراق ڕێکارەکانی خوارەوە لەخۆدەگرێت بۆ دڵنیابوون لە
گشتگیری و هەمەجۆری:

- نوێنەرایەتی ژنان :پێداویستییەکی دەستووری دڵنیایی دەدات کە لانیکەم 25٪ی هەموو کورسییەکانی پەرلەمان بۆ ژنان بێت .لیستەکانی پارتەکان دەبێت ڕیزبەندی پاڵێوراوەکانیان بە جۆرێک ڕێکبخەن کە لانیکەم یەک ژن لە دوای هەر سێ پیاوێک دابنێن.
- پشکی کەمینەکان :کۆی گشتی 9کورسی بۆ پێکهاتەکانی عێراق تەرخانکراوە :مەسیحییەکان (5)، ئێزدییەکان (1)، شەبەک (1)، سابیئە مەندائییەکان (1)، و کوردانی فەیلی (1). پێویست ناکات پێکهاتەکان پابەند بن بە پشکی 25٪ی ژنان.



کۆی گشتی 329کورسی ئەنجوومەنی نوێنەران کێبڕکێی لەسەر دەکرێت، کە 320کورسی ئاسایی بەسەر 18بازنەی پارێزگاکاندا دابەشکراون و 9کورسیش بۆ پێکهاتە کەمینەکان تەرخانکراون .یاسای هەڵبژاردن و ڕێنماییەکانی پاڵێوراوان ئەم دابەشکارییەی خوارەوەی کورسییەکان بۆ هەر بازنەیەک دابین دەکات:

| پارێزگا / بازنەی هەڵبژاردن | کورسی گشتی | کورسی پێکهاتەکان |
|---|---|---|
| بەغدا | 69 | 2 (مەسیحی، سابئی) |
| نەینەوا | 31 | 3 (مەسیحی، شەبەک، ئێزیدی) |
| بەسرە | 25 | |
| زیقار | 19 | |
| سلێمانی | 18 | |
| بابل | 17 | |
| ئەنبار | 15 | |
| هەولێر | 15 | 1 (مەسیحی) |
| دیالە | 14 | |
| کەرکووک | 12 | 1 (مەسیحی) |
| نەجەف | 12 | |
| سەڵاحەدین | 12 | |
| دهۆک | 11 | 1 (مەسیحی) |
| قادسیە | 11 | |
| کەربەلا | 11 | |
| واسیت | 11 | 1 (فەیلی) |
| میسان | 10 | |
| موسەننا | 7 | |
| **کۆی گشتی** | **320** | |

*کورسیەکانی پەیوەندیدار بە پێکهاتەکان لە ناو یەک دەوڵەتی نیشتمانی یەکگرتووە کە گشتی عێراق دەگرێتەوە.*

# ژمارەی پاڵێوراوان بەپێی پارێزگا و ڕەگەز

| پارێزگا | کۆی کاندیدەکان | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| ئەنبار | 254 | 183 | 71 |
| بابل | 479 | 348 | 131 |
| بەغدا | 2298 | 1587 | 711 |
| بەسرە | 571 | 408 | 163 |
| زیقار | 571 | 416 | 155 |
| دیالە | 358 | 252 | 106 |
| دهۆک | 59 | 39 | 20 |
| هەولێر | 108 | 71 | 37 |
| کەربەلا | 233 | 164 | 69 |
| کەرکووک | 251 | 175 | 76 |
| میسان | 141 | 104 | 37 |
| موسەننا | 126 | 90 | 36 |
| نەجەف | 312 | 227 | 85 |
| نەینەوا | 1047 | 759 | 288 |
| قادسیە | 283 | 201 | 82 |
| سەڵاحەدین | 296 | 216 | 80 |
| سلێمانی | 136 | 99 | 37 |
| واسیت | 246 | 176 | 70 |
| **کۆی گشتی** | **7,769** | **5,515** | **2,254** |

*ژمارەی ئەو نامزەدانەی کە لە پەڕەی دەنگداندا دەردەکەون. پرۆسەی لابردن و دوبارە سەرجەمکردنی نامزەدان هێشتا بەردەوامە.*

# چاودێری نێودەوڵەتی پرۆسەکانی هەڵبژاردن

- **مەرجەکانی متمانەپێدان :** تیمەکانی چاودێری نێودەوڵەتی، بە دەستە دیپلۆماسییە حکومییەکان و دامەزراوە ناحکومییەکانیشەوە، دەبێت ڕەزامەندی فەرمی لە دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان وەربگرن و لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە متمانەیان پێبدرێت )باوەڕپێکراو بن (بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن . کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان متمانە دەبەخشێتە تیمەکان نەک چاودێرانی تاکەکەسی.

- **ڕەفتارنامە:** چاودێرانی نێودەوڵەتی دەبێت پابەندبن بە ڕەفتارنامەیەک کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەرچووە، کە ماف و ئەرکەکانیان دیاری دەکات .چاودێران قەدەغەکراون دەستوەردان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان یان تۆمارکردنی سکاڵا بکەن بەڵام دەتوانن کێشەکان بۆ ستافی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕاپۆرت بکەن بۆ گرتنەبەری ڕێکاری گونجاو.

- ئەوانەی ئارەزومەندن دەتوانن فۆڕمی 131 و 132 لە ماڵپەڕی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دابەزێنن
  - فۆرمی :131 فۆڕمی تۆمارکردنی تیم -زانیاری دەربارەی تیمی چاودێری لەگەڵ خاڵی پەیوەندی
  - فۆرمی :132 فۆڕمی متمانەپێدانی چاودێران –ناوەکان لەگەڵ وردەکارییەکان )چاودێری نێودەوڵەتی، وەرگێڕ و پاسەوان.(

- **پشتیوانی لۆجستی :** تیمە متمانەپێدراوەکانی چاودێری نێودەوڵەتی بەرپرسیارن لە دابینکردنی تێچووی خۆیان، لەوانە ئەوانەی پەیوەندییان بە ڕاهێنان، گواستنەوە، پەیوەندیکردن و شوێنی نیشتەجێبوونەوە هەیە .بۆ ئاسانکاری کاری چاودێرانی متمانەپێدراوی نێودەوڵەتی، ڕێگەیان پێدەدرێت وەرگێڕ و کارمەندانی ئەمنی هاوەڵییان بکەن.

- **دوا وادە:** بەگوێرەی خشتەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دوا وادە بۆ پێشکەشکردن 5ـی تشرینی دووەمی 2025ـە.

- بۆ وردەکاری زیاتر، سەردانی ماڵپەڕی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکە https://ihec.iq/37942/2025/09/ :

# کۆدی ڕەوشتی چاودێرانی نێودەوڵەتی: ئەوەی پێویستە بکرێت و ئەوەی پێویست نییە بکرێت

1. چاودێریکردنی وردی پرۆسەی هەڵبژاردن و سەرجەم قۆناغەکانی.
2. پەیوەندیکردن بە بەرپرسانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان (IHEC) بۆ بەدەستهێنانی زانیاری تەواو دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردن.
3. پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بە کۆمسیۆن دەربارەی هەر کێشەیەک کە لە کاتی چاودێریکردندا ڕوو دەدات.
4. چوونەژوورەوە و دەرچوون لە ناوەندەکانی دەنگدان بە ئازادی بەبێ کاریگەری خستنە سەر بەڕێوەچوونی کارەکان.
5. پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکی گشتگیر دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردن بە تیمی چاودێرییەکەم.
6. پابەندبوون بە یاسا و ڕێساکانی ناوخۆیی کاریگەر کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە دەرچوون.
7. خۆبەدوورگرتن لە هەڵگرتنی چەک یان هەڵسوکەوت بە شێوەیەکی نەشیاو یان دوژمنکارانە.
8. خۆبەدوورگرتن لە پێشکەشکردنی هەر جۆرە پشتگیرییەک یان نیشاندانی لایەنگری بەرامبەر بە هەر پارتێکی سیاسی یان بەربژێرێک لە هەڵبژاردنەکاندا.
9. خۆبەدوورگرتن لە وەرگرتنی دیاری یان خزمەتگوزاری لە هەر پارتێکی سیاسی یان بەربژێرێک.
10. خۆبەدوورگرتن لە دەستتێوەردان بە هەر شێوەیەک لە چالاکییەکانی کۆمسیۆن، لایەنە سیاسییەکان، هاووڵاتیان، یان هەر بابەتێکی سیاسی لە وڵاتدا.
11. ئەنجامدانی کارەکەم بە شێوەیەکی ئاشتیانە و ڕێزگرتن لە ڕۆڵ و پێگە و دەسەڵاتی کارمەندانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەبارەت بە دەنگدەرانی تۆمارکراو، دەنگدەران، بەرپرسانی ئەمنی، و هەموو بەشداربووانی هەڵبژاردنەکان.
12. پابەندبوونی توند بە ڕێسا و ڕێنماییە دەرچووەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و جێبەجێکردنی دەستبەجێیان، لەوانەش هەر داواکارییەک بۆ جێهێشتنی ناوچە یان شوێنێکی دیاریکراو، یان ڕێگری لێکردن لە چوونەژوورەوەی، یان جێهێشتنی وێستگەی دەنگدان.
13. خۆبەدوورگرتن لە دەستتێوەردان لە پرۆسەی هەڵبژاردن یان دروستکردنی ئاستەنگ بۆی.
14. هەڵگرتنی نیشانەی متمانەپێدان بۆ ناساندنی خۆم وەک چاودێرێکی هەڵبژاردن، پیشاندانی بە ڕوونی، و ناساندنی خۆم بە کارمەندانی کۆمسیۆن لە کاتی چوونە ژوورەوە بۆ ناوەندەکان و وێستگەکانی دەنگدان یان هەر بینایەکی سەر بە کۆمسیۆن.
15. ڕێزگرتن لە نهێنی دەنگدان، کە بریتییە لە نەچوونە ژوورەوەی کەپرەی دەنگدان.
16. خۆبەدوورگرتن لە پەیوەندیکردن لەگەڵ دەنگدەران بۆ دوورکەوتنەوە لە کاریگەری خستنە سەر بژاردەکانیان بۆ دەنگدان.
17. دوورکەوتنەوە لە هەر هەوڵێک بۆ دابینکردنی هەر بەڵگە یان زانیارییەک بۆ بەشداربووانی پرۆسەی هەڵبژاردن.
18. دڵنیابوون لەوەی کە هەموو ئەو زانیارییانەی پێشکەشیان دەکەم لەسەر بنەمای سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆ و سەرەکییە و دەتوانرێت پشتڕاست بکرێتەوە، و دڵنیابوون لە کۆکردنەوە و ڕێکخستن و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ڕوون، ڕێکخراو و بێلایەن.
19. خۆبەدوورگرتن لە دەرکردنی هەر ڕاگەیاندن یان لێدوانێک دەربارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامە فەرمییەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە.

## ڕۆڵی چاودێرانی ناوخۆیی

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ، چاودێرانی ناوخۆ ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە بەرزکردنەوەی شەفافیەت و متمانەپێکراوی پرۆسەی هەڵبژاردن .بەرپرسیاریەتیە سەرەکییەکانیان بریتین لە:

- **چاودێریکردن :**چاودێران لە وێستگەکانی دەنگدان چاودێری ڕێوشوێنی هەڵبژاردن دەکەن بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەپێی یاسا بەڕێوەدەچێت.
- **ڕاپۆرتکردن :**هەر نارێکی و پێشێلکارییەکی پرۆسەی هەڵبژاردن تۆمار دەکەن و بۆ ڕێکخراوەکانی خۆیان ڕاپۆرتیان دەکەن.
- **هەڵسەنگاندن:**دوای هەڵبژاردن، چاودێرانی ناوخۆ دەتوانن هەڵسەنگاندنێکی سەربەخۆ بۆ دادپەروەری و شەرعیەتی پرۆسەکە ئەنجام بدەن.
- **متمانەی گشتی :**بوونیان دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دڵنیاکردنەوەی دەنگدەران کە هەڵبژاردنەکە بێلایەنانە بەڕێوەدەچێت، ئەمەش دەتوانێت متمانەی گشتی بە پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامەکان زیاتر بکات.

**تۆمارکردن:**

ئەو گرووپە چاودێرە ناوخۆییانە یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ئارەزوومەند و شایستەن، دەتوانن تا ١٠ڕۆژ پێش هەڵبژاردنەکان، ناوی خۆیان لە نووسینگەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی کۆمیسیۆن (GEO)تۆمار بکەن .فۆڕمی ناو تۆمارکردن و بەڵگەنامە پێویستەکان لە ماڵپەڕی IHEC بەردەستە https://ihec.iq/iraqi-parliament-elections-2025/.

چاودێران ناتوانن **سکاڵا** تۆمار بکەن؛ بەڵام دەتوانن هەر پێشێلکارییەک تۆمار بکەن و وەک پێشنیار لە ڕاپۆرتەکەیاندا بیخەنە ڕوو.

## مافی بریکار و چاودێران

- بریکارەکان و چاودێران دەتوانن لە کاتی گەیشتنی کارمەندانی بنکەی دەنگدان بچنە ناو بنکەکە و بمێننەوە تا کۆتاییهاتنی پرۆسەی دەنگدان، هەروەها پرۆسەکانی ژماردنی ئەلیکترۆنی و دەستی، جیاکردنەوە، پێچانەوە، و ڕادەستکردنی کەرەستەکان .ڕێگەیان پێدراوە کۆدی مۆرەکان و ژمارەی دەنگدەران لە دەفتەری تێبینییەکانیاندا تۆمار بکەن و دەتوانن چاودێری هەموو پرۆسەکانی ناو وێستگەی دەنگدان بکەن، جگە لە کاتێک کە دەنگدەران لە پشت پەردەی دەنگدانەوە هەڵبژاردنەکانیان دەکەن.

- لە کاتی دەنگدان ڕێگەیان پێدراوە لە نێوان وێستگەکانی دەنگدان لەناو ناوەندەکەدا هاتوچۆ بکەن .بەڵام پێویستە لە کاتی پرۆسەی ژماردن و جیاکردنەوەی ئەلیکترۆنی و دەستیدا لە یەک وێستگەی دەنگدان بمێننەوە.

- ئەوان دەتوانن )سەرپشکن (داتا لەسەر فۆرمی یەکخستنەوەی وێستگەی دەنگدان ژمارە 41تۆمار بکەن و واژۆی بکەن، هەروەها فۆرمی ڕاپۆرتی ئەنجامەکان ژمارە 42واژۆ بکەن.

- بریکارەکان و چاودێران دەتوانن شوێن ئەو بارهەڵگرە بکەون کە کەرەستەکانی دەنگدان دەگوازێتەوە بۆ ناوەندی وەرگرتنی دەنگەکان (VRC)، کۆگای نووسینگەی پارێزگا، یان ناوەندی وردبینی و ڕاپۆرتکردن .بەڵام، ڕێگەیان پێنادرێت سواری هیچ ئۆتۆمبێلێکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ببن.

- بریکارانی پارتە سیاسییەکان یان هاوپەیمانێتییەکان مافی ئەوەیان هەیە سکاڵا لای کۆمیسیۆن تۆمار بکەن لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمی سکاڵا ژمارە 110، کە لای ڕێکخەری بنکەی دەنگدان بەردەستە .لەکاتێکدا چاودێران ناتوانن سکاڵای فەرمی تۆمار بکەن، دەتوانن تێبینییەکانیان لە ڕاپۆرتە گشتییەکانیاندا بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە نوێنەرایەتییان دەکەن، تۆمار بکەن.

- بۆ ئاسانکاریی کاری چاودێرە نێودەوڵەتییە متمانەپێکراوەکان، دەتوانن وەرگێڕ و کارمەندی ئەمنییان لەگەڵدا بێت.

## متمانەپێدان بە میدیا

- **متمانەپێدان بە میدیای ناوخۆیی:**

میدیا ناوخۆییە تۆمارکراوەکان دەتوانن فۆڕمی متمانەپێدان پێشکەش بە نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگانی کۆمسیۆن بکەن .

- **متمانەپێدانی میدیا نێودەوڵەتیەکان**

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی دەتوانن فۆڕمی متمانەپێدان پێشکەشی نووسینگەی نیشتیمانی، فەرمانگەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ جێبەجێکردن و پەسەندکردنی.

- **دوا وادە:**

بەگوێرەی خشتەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دوا وادە بۆ پێشکەشکردن 5ـی تشرینی دووەمی 2025ـە.

## چاودێریکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لیژنەیەکی ناوەندی چاودێری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی دامەزراندووە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵمەتە سیاسییەکان لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان .سەرباری ئەم دەستە ناوەندییە، هەریەک لە نووسینگەکانی پارێزگاکان (GEO)لیژنەی لاوەکی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ چاودێریکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو چالاکییە سیاسییەکان بە وردی چاودێری دەکرێن .ئەم ڕێکارانە گیراونەتەبەر بۆ پاراستنی پاکی )دەستپاکی (پرۆسەی هەڵبژاردن و دڵنیابوون لە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لە سەرتاسەری وڵاتدا.

# سکاڵا و تانەدان

## پرسیار :سکاڵای هەڵبژاردن چییە؟

تۆمەتەکانی سەرپێچیی هەڵبژاردن و پێشێلکردنی یاسا، ڕێنماییەکان، یان ڕێساکان، ڕەنگە لە تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردندا سەرهەڵبدەن .ئەمانە لەوانەیە پەیوەست بن بە بوارەکانی وەک تۆمارکردنی پاڵێوراوان و دەنگدەران، بانگەشەی هەڵبژاردن، دەنگدان، ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان، یان ڕاگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکان .ئەو تاکە کەس یان پارتە سیاسییانەی کە مافی هەڵبژاردنیان لێ زەوت کراوە، سنووردار کراوە، یان پێشێل کراوە، مافی ئەوەیان هەیە سکاڵا بۆ قەرەبووکردنەوە تۆمار بکەن .مافی تۆمارکردنی سکاڵا دژی سەرپێچییەکانی هەڵبژاردن و داواکردنی چارەسەری یاسایی، توخمێکی سەرەکییە لە پاراستنی بێگەردی هەڵبژاردنەکان.

## پرسیار :کێ دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات؟

دەنگدەرانی شایستە، بریکارانی پارتە سیاسییەکان، هاوپەیمانێتییەکان، و پاڵێوراوان دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن .چاودێران ڕێگەیان پێ نادرێت سکاڵا تۆمار بکەن، بەڵام دەتوانن ڕاپۆرت پێشکەش بە ڕێکخراوەکانی خۆیان بکەن، کە ئەوانیش ئەگەر پێویست بکات، ڕەنگە ڕێکاری زیاتر بگرنەبەر.

هەر پێشێلکارییەکی هەڵبژاردن پێویستە لە **ماوەی دوو ڕۆژدا** لە دوای ئەو پێشێلکارییەی کە گوایە کراوە ڕاپۆرت بکرێت.

## ئایا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سکاڵاکاران لەبارەی بڕیارەکە ئاگادار دەکاتەوە؟

بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە دوای دەرچوونیان لە ماڵپەڕی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بڵاودەکرێنەوە.

## پرۆسەی تۆمارکردنی سکاڵا چییە؟

پێویستە ڕاپۆرتێکی ورد، کە ناوی سکاڵاکار و زانیاری پەیوەندیکردن و شرۆڤەیەکی تەواوی ڕووداوەکەی تێدابێت، بە نووسراو پێشکەش بکرێت. پێش ڕۆژی هەڵبژاردن، سکاڵاکان دەتوانرێت لە ڕێگەی نووسینگەکانی پارێزگاکانی کۆمیسیۆن (GEOs)پێشکەش بە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان (IHEC)بکرێن.

## کەی کەسێک دەتوانێت سکاڵا پێشکەش بکات؟

سکاڵاکانی پەیوەست بە دەنگدان و ژماردنی دەنگەکان لە ڕۆژی هەڵبژاردن، دەبێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا پێشکەش بکرێن، کە لە کاتژمێری دەستپێکردنی دەنگدانەوە دەست پێدەکات و لە کۆتایی ڕۆژی دواتری کارکردندا کۆتایی دێت.
سکاڵاکانی پەیوەست بە بانگەشەی هەڵبژاردن دەتوانرێت لە هەر کاتێکدا لە ڕێکەوتی ڕوودانی پێشێلکارییەکەوە تا کۆتایی ماوەی بانگەشە، پێشکەش بکرێن.

## سکاڵاکان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت؟

هەموو سکاڵاکان ئاراستەی نووسینگەی نیشتمانی کۆمیسیۆن (IHEC)دەکرێن بۆ پێداچوونەوە و بڕیاردان لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمیسیاران (BoC).سەبارەت بە سکاڵاکانی ڕۆژی هەڵبژاردن، لیژنەکانی پۆلێنکردن—کە پێکهاتوون لە ئەندامێکی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران و کارمەندانی بەشی سکاڵا و تانەکانی نووسینگەی نیشتمانی کۆمیسیۆن—دیاری دەکەن کە ئایا سکاڵاکە مەرجە شکڵییەکانی تێدایە و ئایا دەکرێت کاریگەری لەسەر ژماردنی دەنگەکان هەبێت، وەک لە حاڵەتەکانی گومانی ساختەکاریدا .ئەم حاڵەتانە لە کاتی چارەسەرکردندا )یەکلاکردنەوەدا (پێشینەی باڵایان پێدەدرێت .



## چۆن تانە لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران (IHEC BoC) دەگیرێت؟

- تانەگرتن لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران (BoC) دەتوانرێت لای دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن (EJP) تۆمار بکرێت، کە پێکدێت لە سێ دادوەر. تانەکان دەبێت لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە بڵاوکردنەوەی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران (BoC) پێشکەش بکرێن، یان لە نووسینگەی نیشتمانی کۆمیسیۆن، نووسینگەکانی پارێزگاکان (GEOs)، نووسینگەی هەرێمی کوردستان (KREO)، یان ڕاستەوخۆ بە دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن (EJP).
- ئەنجوومەنی کۆمیسیاران (BoC) پێویستە لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لە وەرگرتنی داواکاری و پرسیارەکانی دەستەی دادوەری (EJP)، وەڵامی ئەو داواکاری و پرسیارانە بداتەوە کە پەیوەستن بە تانەکانەوە. دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن (EJP) دەبێت لە ماوەی 10 ڕۆژدا لە وەرگرتنی وەڵامی ئەنجوومەنی کۆمیسیاران (BoC)، بڕیار لەسەر تانەکە بدات.
- ئەو بڕیارانەی لەلایەن دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن (EJP) دەردەچن، کۆتایی و پابەندکەرن.



بۆ زانیاری زیاتر:
https://ihec.iq/complaints-and-appeals/

# سکاڵای ڕۆژی دەنگدان

## Øکێ مافی ئەوەی هەیە سکاڵا تۆمار بکات؟

1.دەنگدەر
2.بریکاری حزبی سیاسی، هاوپەیمانی یان کاندیدی تاکەکەسی.
3.کاندید (مافی ئەوەیان هەیە سکاڵا لە بنکەی دەنگدان تۆمار بکەن کە کاندیدەکە وەک دەنگدەر ناوی هەیە) .

## Øچۆن سکاڵا لە ڕۆژی دەنگدان پێشکەش بکرێت؟

سکاڵاکار دەتوانێت فۆرمی سکاڵا ژمارە 110لە ڕێکخەری بنکەی دەنگدان، نووسینگەی پارێزگا (GEO)، یان نووسینگەی نیشتمانی وەربگرێت .سکاڵاکە دەبێت لە ماوەی 48کاتژمێردا لە دوای داخستنی بنکەکانی دەنگدان پێشکەش بکرێت.

**فۆرمی سکاڵا پێویستە ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:**

1.ناو و ناونیشان و زانیاری پەیوەندیکردنی سکاڵاکار .
2.ناو و زانیاری پەیوەندیکردنی ئەو کەسەی سکاڵای لەسەر کراوە
3.وردەکارییەکانی ئەو پێشێلکارییەی کە گوایە کراوە، لەوانە ڕێکەوت و کات و شوێن و بارودۆخ.
4.ناو و زانیاری پەیوەندی هەر شایەتحاڵێک کە پشتگیری لە کەیسی سکاڵاکە دەکات (ئەگەر هەبێت).
5.هەر بەڵگەنامەیەکی پەیوەندیدار یان بەڵگەیەکی تر کە پشتگیری لە سکاڵاکە بکات.
6.واژۆی سکاڵاکار
7.سکاڵاکان نهێنین )پارێزراون .(سکاڵاکار پێویستە فۆرمی سکاڵاکە پڕبکاتەوە، لەگەڵ ڕێکەوت و واژۆ، مۆری بکات )یان بیخاتە زەرفێکی مۆرکراوەوە (و پێشکەشی بکات .

# پرۆسەی دەنگدان هەنگاو بە هەنگاو

**#1**



کارتی دەنگدانی بایۆمەتری **(BVC)** پیشانی کارمەندی ناساندنەوە **(IO)** بدە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانت )وێنەکەش دەگرێتەوە.(

**#2**



کارتی دەنگدەرەکە بخەرە ناو ئامێری پشتڕاستکردنەوە .**ئامێرەکە کارتەکە دەخوێنێتەوە و داتای دەنگدەرەکانت پیشان دەدات .**

**#3**



**بۆ پشتڕاستکردنەوەی پەنجەمۆر، پەنجەیەک لەسەر شاشەکە دابنێ بەو جۆرەی ڕێنمایی دەکرێیت.**

**یان**

**پشتڕاستکردنەوە لە ڕێگەی ناسینەوەی ڕووخسار**

**#4**




**کارمەندی ناسینەوە کۆدی QRی دەنگدانەکە بە ئامێری پشتڕاستکردنەوەی دەنگدەر (VVD)سکان دەکات.**

**#5**



**دوای پشتڕاستکردنەوە، کارتەکەت و پەڕەی دەنگدانەکە لە کارمەندی پێدەری پەڕەی دەنگەکان وەربگرەوە.**

**#6**



**واژۆ یان پەنجەمۆری لە تەنیشت ناوەکەت لە لیستی دەنگدەران بکە.**




**#7**



**بڕۆ بۆ کابینەی تایبەت بۆ دەنگدان بۆ ئەوەی بە نهێنی دەنگت بدەیت.**




**حوبری دەنگدان لەم هەڵبژاردنە بەکارنایەت.**



**#8**

**دانانی پەڕەی دەنگدان لە ناو ئامێری PCOS.**

# دانانی پەڕەی دەنگدان لە ناو ئامێری PCOS



## 01

دەنگدەر پەڕەی دەنگدانەکە دەخاتە ناو PCOSبۆ ئەوەی لە یەک کاتدا لە هەردوو لاوە سکان بکرێت، دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە بە دروستی دانراوە، ڕووی خوارەوە دانراوە، بۆ پاراستنی نهێنی دەنگەکان .

## 02

کۆدی QRی پەڕەی دەنگدانەکە دەخوێندرێتەوە و لەگەڵ لیستی کۆدەکانی QRکە لەلایەن VVDلە ڕێگەی کەیبڵەوە هەناردە دەکرێن بۆ PCOSهاوتا دەکرێت، ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە دەنگدانەکە لەلایەن VVD-ەوە پرۆسێسکراوە.

## 03

هێمای تیک لەسەر دەنگدانەکە دەخوێندرێتەوە و وەک دروست یان نادروست دیاری دەکرێت، پاشان ئەژمار دەکرێت و جیا دەکرێتەوە و دەنگەکان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی دەژمێردرێت.

## 04

دوای ئەوەی PCOSدەنگدانەکە سکان دەکات، دەنگدانەکە دەخاتە ناو سندوقەکە، دواتر پەیامی 'دەنگدان بە سەرکەوتوویی درا 'لەسەر شاشەکە دەردەکەوێت.

# ڕەفتارنامە بۆ لایەنە سیاسییەکان و بریکارەکانیان

بۆ پاراستنی ئاستێکی بەرزی پیشەیی و پابەندبوون بە ستاندەرە دانپێدانراوە نێودەوڵەتیەکان، ئەو چالاکییانەی کە بریکارەکانی حزبە سیاسییەکان ئەنجامی دەدەن، بەم بنەمایانەی خوارەوە ڕێکدەخرێن.

- **پابەندبوون بە یاسا و ڕێساکان:** ئەو بریکارانەی کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان متمانەپێدراون پێویستە دان بە یاسا ڕەواکانی عێراقدا بنێن و لە هەموو بارودۆخێکدا ڕێزیان لێبگرن.
- **ووردی:** پێویستە بریکارەکان ڕاستگۆ و متمانەپێکراو بن.
- **بابەتی بوون:** بریکارەکان پێویستە پشت بە هەڵسەنگاندنی گشتگیر و وردی هەموو بارودۆخەکان و ڕاستییە پەیوەندیدارەکان ببەستن لە کاتی دیاریکردنی ئەنجامەکانیان.
- **سەربەخۆیی:** پێویستە بریکارەکان بە ئازادی بڕیار بدەن، بەبێ هیچ دەستوەردان و کاریگەرییەک، بەگوێرەی سەروەری یاسا.
- **بێلایەنی:** چاوەڕوان دەکرێت بریکارەکان بێلایەنانە دان بە بەرژەوەندییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن و بەها بنەڕەتییەکانی دیموکراسیدا بنێن.


## بریکاری پارتە سیاسییەکان ئەم مافانەی خوارەوەیان هەیە:

- چاودێریکردنی هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن.
- دەستگەیشتن بە زانیاری دابینکراو لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.
- بە ئازادی لەگەڵ لایەن و هاوپەیمانی و چاودێرانی تردا پەیوەندی بکات.
- نیگەرانییەکانت بخە ڕوو و سکاڵاکردن لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.
- دەستگەیشتن بە ناوەندەکانی دەنگدان بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.
- واژۆکردنی بەڵگەنامە و ڕاپۆرتەکان بە ئامادەبوونی من وەک شایەتێک.

## بریکارەکان پێویستە:

- دوور بکەنەوە لە هەڵگرتنی چەک یان نیشاندانی ڕەفتاری شەرانگێزی لە شوێنەکانی هەڵبژاردن.
- بێلایەن بمێننەوە، لە ڕێگەی کردار یان جل و بەرگەوە لایەنگری نیشان نەدەن.
- ڕەتکردنەوەی دیاری یان خزمەتگوزاری لەلایەن هەر لایەنێک یان کاندیدێک.
- دەستوەردان لە کارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان یان کەسانی دیکە نەکەن کە لە هەڵبژاردنەکەدا بەشدارن.
- پەیڕەوی یاسای عێراق و ڕێساکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکەن.
- پابەندی ڕێنماییەکانی ستافی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بن، بەلەخۆگرتنی فەرمانی چوونە ژوورەوە یان دەرچوون لە شوێنەکانی هەڵبژاردن.
- پرۆسەی هەڵبژاردن پەک نەخات.
- نیشانەی ناسنامە بە شێوەیەکی دیار لەبەر بکات و خۆت بە ستافی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بناسێنێت.
- پاراستنی نهێنی دەنگدان و دوورکەوتنەوە لە شوێنی دەنگدان.
- کاریگەری لەسەر دەنگدەران دروست نەکات یان نهێنی دەنگدان تێک نەدات.
- دوورکەوتنەوە لە پێدانی ڕێنمایی یان لێکدانەوەی یاسا بۆ دەنگدەران.
- نێوەندگیری نەکردن لە ناکۆکییەکان.
- دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە زانیارییە هاوبەشکراوەکان ڕاستەوخۆ سەرچاوەیان هەیە و دەتوانرێت پشتڕاست بکرێتەوە، بە ڕوونی لە ڕاپۆرتەکاندا ڕێکخراوە

# دیزاین و وێنەکان




## نموونەی دیزاینی وێستگەی دەنگدان

# دیزاین ووێنەکان



ئامێری پشتڕاستکردنەوەی ناسنامەی دەنگدەر




سیستەمی گواستنەوەی ئەنجامەکان





سکانەری ژماردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان لە بنکەکانی دەنگدان

# دیزاین و وێنەکان



عزيزتي الناخبة ، عزيزي الناخب ، لاختيار التحالف او الحزب او المرشح الفرد الذي ترغب بالتصويت له اختم بقلم التأشير في المربع الخالي المخصص له

دەنگدەری بەڕێز: بە پێنووسی مۆری نیشانەدانان نیشانە دابنە لە چوارگۆشەی بەتاڵی تایبەتکراوە لە بەرامبەر هاوپەیمان یان حزب یان کاندیدی تاک کەوا دەتەوێ دەنگی بۆ بدەیت

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٥ | الانبار هويتنا | ٣١١ | استاذ حارث شنشل الحارثي | ٣٣٩ | المحامية آتور داود يوناثان |
| ٢٢١ | تحالف سيادة الوطني - تشريع | ٣١٢ | خديده جوكي حسين | ٣٤٠ | عمار جميل رجب |
| ٢٣٦ | حزب العمران | ٣١٣ | طارق جاسب الزهيري | ٣٤١ | الأستاذ التربوي خضر الزهيري |
| ٢٤١ | تحالف عزم العراق / عزم | ٣١٤ | عمانوئيل خوشابة يوخنا القصراني | ٣٤٢ | ثائره يوسف عزيز |
| ٢٤٢ | القيادة | ٣١٥ | حسين سعيد حجي | ٣٤٣ | الدكتور اشرق السيفي |
| ٢٤٦ | حزب الانتشار الوطني | ٣١٦ | خلف قرو سليمان | ٣٤٤ | ابو جعفر الشبكي |
| ٢٥٥ | حزب تقدم | ٣١٧ | اكوب كريكور اكوب | ٣٤٥ | رياض عبد الواحد شلاكه |
| ٢٦٦ | تحالف التفوق | ٣١٨ | ايفان فائق جابرو | ٣٤٦ | اسوان الكلداني |
| ٢٦٩ | الحسم الوطني | ٣١٩ | شميران مروكي أوديشو شليمون | ٣٤٧ | الاستاذ قاسم عريبي جاسم |
| ٢٨٣ | تحالف قمم | ٣٢٠ | سامي اوشانه كوركيس | ٣٤٨ | المهندس سركون لازار صليو |
| ٢٩٤ | اسعد عبدالجبار مظلوم | ٣٢١ | شيخ وسام قاسم الزهيري | | |
| ٢٩٥ | خيري ناصر رشو | ٣٢٢ | بسام جاسب محي الزهيري | | |
| ٢٩٦ | علي فتحي الاسكندر | ٣٢٣ | نوفل الناشيء | | |
| ٢٩٧ | الحقوقي قيصر يحيى وسمي | ٣٢٤ | د.حسين شاكر محمود | | |
| ٢٩٨ | نايف خلف سيدو شمو | ٣٢٥ | دريد جميل ايشوع | | |
| ٢٩٩ | الاستاذ نوار غسان يوسف | ٣٢٦ | اثير ابراهيم | | |
| ٣٠٠ | عماد يوخنا ياقو | ٣٢٧ | الدكتور سلام نعيم عطية ماهود الزهيري | | |
| ٣٠١ | خالد سيدو عزير خلف الخالدي | ٣٢٨ | اميل بطرس قسطنطين | | |
| ٣٠٢ | د.ايمان بنيامين ايشو | ٣٢٩ | انجيلة اندريوس شابو | | |
| ٣٠٣ | اراس حبيب كريم | ٣٣٠ | الدكتور محمد گوران | | |
| ٣٠٤ | المهندس حمزه عبد الحسين الزركاني | ٣٣٢ | هبة القس | | |
| ٣٠٥ | اسامة كريم البدري | ٣٣٣ | الشيخ حسين چاني الملكشاهي الفيلي | | |
| ٣٠٦ | قيصر حيدر شيخ كالو | ٣٣٤ | صائب خدر نايف | | |
| ٣٠٧ | رافع حموكة الشبكي | ٣٣٥ | حيدر هشام الفيلي | | |
| ٣٠٨ | حيدر علي ابو تارة | ٣٣٦ | كلدو رمزي اوغنا | | |
| ٣٠٩ | شميرام شمعون اصليوه | ٣٣٧ | رياض قريو حنا | | |
| ٣١٠ | مناضل جاسم حسن العلاف | ٣٣٨ | اسامة سعدون الخدادي | | |

اختم بقلم التاشير على رقم المرشح الذي ترغب بالتصويت له

بە پێنووسی مۆری نیشانەدانان مۆریکە لە سەر ژمارەی ئەو کاندیدەی کەوا دەتەوەی دەنگی بۆ بدەیت

| | |
|---|---|
| ١ | ٢٧ |
| ٢ | ٢٨ |
| ٣ | ٢٩ |
| ٤ | ٣٠ |
| ٥ | |
| ٦ | |
| ٧ | |
| ٨ | |
| ٩ | |
| ١٠ | |
| ١١ | |
| ١٢ | |
| ١٣ | |
| ١٤ | |
| ١٥ | |
| ١٦ | |
| ١٧ | |
| ١٨ | |
| ١٩ | |
| ٢٠ | |
| ٢١ | |
| ٢٢ | |
| ٢٣ | |
| ٢٤ | |
| ٢٥ | |
| ٢٦ | |

*نموونەی وەرەقەی دەنگدان – پارێزگای ئەنبار*

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

# 2025